

ئاکام و ئەنجامی توندوتیژی زۆرجار دابڕان و لێکترازانی خێزان و زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە

پێویستە ئەو یاسایانەی لە دژی توندوتیژی ژنان هەیە، بە فیعلی لە دادگاکان کاری پێبکرێ و هیچ بڕیارێکی لێبوردنیش ئەو تاوانبارانە نەگرێتەوە کە لە سەر توندوتیژی دەست بەسەر کراون

# سەرەڕای دروشم و هەوڵە پراکتیکییەکان
# توندوتیژی دژ بە ئافرەتان زیادی کردووە

کۆمەڵگەی کوردی وەك سەرجەم کۆمەڵگەکانی دیکە لە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان بێبەش نەبووە و ئەم دیاردەیە پاشخانێکی مێژوویی و کۆنی لە هەموو کۆمەڵگەیەکی نەریتی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان لە هەوڵ و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان کۆڵیان نەداوە و لەم پێناوەدا هەزاران و بگرە بە ملیۆنان ئافرەت بوونەتەوە قوربانی و خۆیان کردۆتە پردێك بۆ ئافرەتانی دیکە تاوەکو لە داهاتوودا وەك مرۆڤ سەیر بکرێن. لە هەرێمی کوردستانیش ئامارەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ مزگێنییەکی خۆشی بۆ ئافرەتان پێ نەبوو، لەبەر ئەوەی لەو ماوەیەدا بەراورد بە ساڵانی رابردوو، توندوتیژییەکان بەرامبەر بەئافرەتان نەك کەمی نەکردووە، بەڵکو زیادی کردووە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە بارەی هۆکار و رێکارەکانی چارەسەری ئەو دیاردەیە راوبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**دەروونناسی بەناوبانگی ئەمەریکی (سکینەر) دەڵێت: توندوتیژی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان دەبێتە رەفتار (زارەکی، یان جووڵەیی)، کەواتە هزری توندوتیژ بەرهەمهێنی توندوتیژییە**

**کەسانی توندوتیژ کەسانێکن لە رووی سۆزدارییەوە ساردن، لە رووی بەزەییەوە دڵرەقن، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بێباکن، دەمارگیرن بۆ بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان، سەرسەختن لە مامەڵە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا و زۆر بە کەمی خوێندنەوە بۆ ئایندەی رەفتارەکانیان دەکەن**

**کەسانی توندوتیژ ویژدانیان دووچاری هەڵاوسان بووە، ئینجا ئەم هەڵاوسانە دەرەنجامی پەروەردەیەکی چەوتی خێزانی بێت، یاخود لە رێی شووشتنەوەی مێشکەوە بێت کە ئایدیۆلۆژیایەک، یان تاقم و گرووپ و حزبێک کاری لەسەر بکەن و لە بەها مرۆییەکانی بشۆنەوە**

بە پێی ئامارە فەرمییەکان تەنیا لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە هەرێمی کوردستان ٢٨٤٢ حاڵەتی توندوتیژی بەم شێوانەی خوارەوە بەرامبەر بە ئافرەتان تۆمارکراون:

کوشتن ٢٢ حاڵەت، خۆکوشتن ٢٨ حاڵەت، سووتان ٦٥ حاڵەت، خۆسووتاندن ٣٦ حاڵەت، دەستدرێژی سێکسی ٤٦ حاڵەت، سکاڵای توندوتیژی خێزانیش ٢٦٤٥ حاڵەت بووە، ئەگەر ئەمەش بەراورد بکەین بە ئاماریساڵانی رابردوو ئەوا حاڵەتەکانی توندوتیژی زیادیان کردووە. گەرچی ئەو ئامارانە زەنگێکی مەترسیدارن، بەڵام دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکان و میدیاکانیشەوە لە بەرامبەریدا دەستەوستان نەبوون و هەوڵی بەرچاویان بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە هەبووە. هەر سەبارەت بەو پرسە سەرەتا یاساناس و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت هێڤی جۆلا، توندوتیژی دژ بە ئافرەت بە یەکێك لە دیاردە ناشارستانییەکان هەژمار دەکات و رایوایە لە سەردەمانێکی کۆنەوە بە رێگە و شێوازی جۆراوجۆر ئەو رەفتارە لە کۆمەڵگەی نەریتیدا پیادە کراوە. گوتیشی: «ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەك بۆ دیاردەی توندوتیژی بکەین، دەتوانین بڵێین، هەر کردەوەیەك، یان هەڕەشەیەك لە چوارچێوەی خێزان و دەرەوەی خێزاندا کە زیانی جەستەیی، یان دەروونی لێ بکەوێتەوە بۆ سەر تاك و رێگری لە ئازادییەکانی بکات، پەیوستن بە ناهۆشیاریی تاك و قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان، کە بەداخەوە ئەو ناهوشیارییە هەندێك جار دەبێتە هۆی گیانلەدەستدان مرۆڤێك. ئاشکرایە کە دیاردەی توندوتیژی، تەنیا دیاردەیەکی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرژمێرییەکانی (رێکخراوی تەندروستی جیهانی)، دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا (نموونەی سوید و هۆڵەندا و بەریتانیا و تەنانەت لە وڵاتێکی زلهێز و پێشکەوتووی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەم دیاردەیە بە رێژەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و رۆژانە چەندین داوا تۆمار دەکرێت، بەڵام ئەگەر بێینە سەر لایەنی جیاواز لە نێوان کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا و کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینین جیاوازییەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاوا درك بە مافەکانی خۆیان دەکەن و ئاستی رۆشنبیرییان گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە نەترسن لە داواکردنی مافەکانی خۆیان و پەنابردن بۆ یاسا و بنکەکانی پۆلیس، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیاوسالاری باڵی بەسەر خێزانەکاندا کێشاوە و ترسێك لە دڵی ئافرەتاندا درووست بووە و بە جۆرێك خراوەتە مێشکیانەوە کە داواکردنی مافی خۆیان، یاخود پەنابردن بۆ کەسێك لە دەرەوەی خێزان، ئەگەرچی یاساش بێت، کارێکی نەشیاو و عەیبە. بە درێژایی مێژووش ئەم جۆرە بۆچوونانە رەگی داکوتاوە لە ناو خێزانەکاندا، ئەمەش پێویستی بە گۆڕینی فکری هەیە بۆ کاڵکردنەوەی ئەم بیروبۆچوونە، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە ئێستا بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری گرنگ کراوە لەسەر ئەم بابەتە جا چ بە دەرکردنی یاسایەك بێت بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی، یاخود ساڵانە تەرخان کردنی (١٦) رۆژ بۆ چڕکردنەوەی کار و چالاکییەکان و ئامادەکردنی ئامارەکان لەسەر ئەم بابەتە و بە بەردەوامی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری گشتی و بەکارهێنانی میدیاکان بۆ گەیاندنی رۆشنبیری یاسایی بە تاك و خێزان سەبارەت بە مافەکانیان. هەروەها هاندانی رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ و هاوکاریکردنیان بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکی و گێڕانی کۆڕ و سیمینار بۆ زیاتر گەیاندنی زانیارییەکان سەبارەت بە ماف و یاساکان لە چوارچێوەی خێزاندا».

ئەو یاساناسە بە پێویستی دەزانێت «حکومەتی هەرێم زیاتر گرنگی بدات بە بواری پەروەردە و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری یاسایی سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و کردنی بە بەشێك لە پرۆگرامی خوێندن و بە فیلمی دیکۆمێنتاری و کار و چالاکی جۆراوجۆر نەوەی داهاتووی کوردستان فێری یەکسانی و رێزگرتن لە رەگەزی بەرامبەر بکرێن و رابهێنرێن لەسەر زمانی گفتوگۆ و بەرزنرخاندی کاری بەرامبەر تاکو تاکێکی تەندروستیان لێ بەرهەم بێت.

گوڵاڵە پشدەری پەرستار و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بە ماکەکانی توندوتیژی دەکات و پەردە لەسەر کاریگەرییە جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی لادەدات و لەم رووەوە دەڵێت: «بەگشتی ئەوانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ، پەنا بۆ خووی ناتەندروستی وەك جگەرەکێشان و کاری مەترسیدارتری وەك خۆلەناوبردن دەبەن، ئەگەر ئەوەش نەکەن، لانیکەم تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەبن، وێڕای روودانی گۆڕانکاری لە هەست و رەفتاریاندا، وەك کەسێکی ترسنۆك و بێ ئیرادە رەفتار دەکەن کە توانای بڕیاردانیشی نامێنێ، سەرەڕای هەستکردن بە زەلیلی و ژێردەستەیی شانبەشانی یاخیبوون و رقئەستووری و حەزی تۆڵەسەندنەوە»، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە «ژن هەیە بۆ خاڵیکردنەوەی خۆی لە رق و کینە لە منداڵەکەی دەدات، یان قسەی نەشیاوی مێردەکەی بە منداڵەکەی دەڵێتەوە، واتا رقی خۆی بە منداڵەکەی دەڕژێنێ، کە بێگومان منداڵەکەش لە ژینگەیەکی وادا فێری رەفتاری توندوتیژ دەبێت.»

ئەو چالاکەی بواری مافی ئافرەت سەبارەت بە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی گوتی: «کاتێ ئافرەت بەهۆی توندوتیژییەوە جەستەی عەیبدار دەبێ، خۆی لە چاوی خزم و ناسیاو و دەوروبەرەکەی دەشارێتەوە، وێڕای خۆدوورخستنەوە لە کار و پیشەکەی، ئەگەر هەیبێت، ئەوەش زیانی ماددی بە دوادا دێت، خۆ ئەگەر ژنیماڵەوەش بێت هەر کاریگەری دەبێ و توانا و تاقەتی خزمەتکردنی ماڵ و منداڵی نابێت و ناتوانێ تەنانەت نان و خواردنێکی گەرم بۆ خێزانەکەی ئامادە بکات، بۆیە ئاکام و ئەنجامی توندوتیژی زۆرجار دابڕان و لێکترازانی خێزان و زیادبوونی رێژەی جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە». گوتیشی: «کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی لەسەر ژنی دووگیان زۆر زیاترە لە ژنانی دیکە، چونکە ئەو ئافرەتە لە بارودۆخێکی جیاوازدایە و بە قۆناغی گۆڕانی هۆڕمۆنەکاندا تێپەڕ دەبێت، لەم حاڵەتەشدا بە هۆی کەمخوێنی کە دەبێتە هۆی بێوزەیی و زوو ماندوو بوون، زیاتر رووبەڕووی نەخۆشی دەبێتەوە. هەروەها ئافرەتی دووگیان وەهم و ترسی لە منداڵبوون هەیە، ترسی لە باری تەندروستی و

سەلامەتی کۆرپەکەی هەیە، جا ئەگەر توندوتیژیشی بەرامبەر بکرێ، کۆرپەلە لەناو سکی دایکیدا هەست بە نائارامی دایکی دەکات، نەك هەر لە کاتی لێدان و ئازاردانی دایکەکە، لە کاتی ناخۆشی و نەخۆشیدا خۆی گرژدەکات و لە رووی پێگەیشتن و گەورەبوونی ئاسایی خۆی دوادەکەوێت، چونکە حەوانەوە و خۆراکی کەم دەبێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی گریان و بێقەراری دوای لە دایکبوونی، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت شیری دایکی خەمبار بۆ منداڵ زیانبەخشە، بۆیە پێویستە بێ دڵەڕاوکێ و بەوپەڕی دڵنیایی و بە دڵ و بە گیان دایك شیربە کۆرپەکەی بدات، هەرکاتێك منداڵ هەست بە دڵتەنگی و نائارامی دایکی بکات وەکو پێویست شیرەکەی ناخوات، پاشان دایکی توندوتیژ بەرامبەر کراو لەبەر ئەوەی خواردنی تەواو ناخوات. هەروەها لەلایەنی ساخڵەمییەوە ئافرەتەکە لایەنی پاکوخاوێنی خۆی فەرامۆش دەکات و لە ئاکامدا منداڵەکەی تووشی گرفت و هەوکردن دەبێت».

ڕێزان کوێخا چالاکی مەدەنییە و ئەویش رایوایە «هەتا تاکی کۆمەڵگە و خێزان بەرەو رۆشنبیرییەکی تەندروست نەچن و لەسەر پەروەردەیەکی پتەو بنیاد نەنرێن، توندوتیژی رێگەی لێناگیرێ»، گوتیشی: «دەبێت ژنان وا پەروەردە بکرێن کە بتوانن بەرامبەر توندوتیژی بوەستنەوە، بۆیە پێویستە هەمووان هەوڵی تەواوی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی وشیاری تەواو بڵاو بکەینەوە، بۆ ئەوەی بە سەر هەموو کێشەکاندا زاڵ بین. هەروەها پێویستە ئەو یاسایانەی لە دژی توندوتیژی ژنان هەیە، بە فیعلی لە دادگاکان ئیشی پێبکرێ و هیچ بڕیارێکی لێبوردنیش ئەو تاوانبارانە نەگرێتەوە کە لەسەر توندوتیژی دەست بەسەر کراون، دەبێت بە توندترین شێوە سزا بدرێن، بۆ ئەوەی ببن بە پەندێك بۆ ئەو کەسانەی کە توندوتیژی لە ناخیاندا چێنراوە، ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە لەسەر یاساکان کار کرا، ئەوە بە شێوەیەکی بەرچاو توندوتیژی روو لە کەمبوون دەکات».

دەروونناس سامان سیوەیلی، هەر لەو بارەیەوە بۆ گوڵان دەڵێت: «ئەگەر بەخێرایی ئاوڕێك لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە، مەحاڵە ساتە وەختێك لەژیانی مرۆڤایەتیدا بدۆزینەوە کە تیایدا توندوتیژی بەکارنەهێندرابێت، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر توندوتیژییە فیزیکییەکان دەخرێنە خانەی توندوتیژییەوە، لەکاتێکدا توندوتیژی دەروونی پانتاییەکی گەورەی لەژیانی کۆمەڵگەدا گرتووە. دەروونناسی بەناوبانگی ئەمەریکی (سکێنەر) دەڵێت: توندوتیژی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان دەبێتە رەفتار (زارەکی، یان جوولەیی)، کەواتە هزری توندوتیژ بەرهەمهێنی توندوتیژییە.» گوتیشی: «زۆر بە سانایی لەدیرۆکی مرۆڤایەتیدا سەدان و هەزاران پاڵەوانی کوشتن و بڕین و کاولکاری دەدۆزینەوە، بۆیە دەکرێت توندوتیژی بە بەشێکی دانەبڕاوی سروشت و پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆڤ دابنرێت، تێنەگەیشتنی تەواو لەچەمکی توندوتیژی وایکردووە تەنها ڕووداوە خوێناویەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێت، دەنا توندوتیژی خۆی لەچەندین فۆرمی تردا نمایش دەکات، بۆ نموونە، دیاردەی خەتەنەکردنی کچان بە فۆرمێکی توندوتیژی دادەنرێت کە بەرامبەر ڕەگەزی مێینە بەڕێوەدەچێت، بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا وەك بەجێهێنانی سوننەتێك لێی دەڕوانرێت. ناپاکیی هاوسەریی هەر لایەنێك لە هاوسەران ئەنجامی بدەن بە توندوتیژی دژی بەرامبەری دادەنرێت، بەڵام لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا وەك لادانێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، نەك توندوتیژی، خۆبەدوورگرتن لە ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیی هەر لایەنێکی ژیانی هاوسەریی پێی هەستێت، بەهەمان شێوە بە توندوتیژی دادەنرێت. کەسانی توندوتیژ کەسانێکن لە رووی سۆزدارییەوە ساردن، لە رووی بەزەییەوە دڵڕەقن، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێباکن، دەمارگیرن بۆ بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان، سەرسەختن لە مامەڵە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا و زۆر بە کەمی خوێندنەوە بۆ ئایندەی رەفتارەکانیان دەکەن. هەروەها کەسانی توندوتیژ ویژدانیان دووچاری هەڵاوسان بووە، ئینجا ئەم هەڵاوسانە دەرەنجامی پەروەردەیەکی چەوتی خێزانی بێت، یاخود لە ڕێی شووشتنەوەی مێشکەوە بێت کە ئایدیۆلۆژیایەك، یان تاقم و گرووپ و حزبێك کاری لەسەر بکەن و لە بەها مرۆییەکانی بشۆنەوە. کەسانی ناتوندوتیژ لێبوردە نین، لێبوردەیی بە لاوازی و بەزین دەبینن. ئەگەر بەرامبەر داوای لێبوردنیان لێبکات، ئەوا پەسەندکردنی ئەو داوایە بە بەزین دادەنێن، خۆشیان ئامادە نین داوای لێبوردن بکەن، چونکە باوەڕیان وایە کە لاوازیی خۆیان نیشان دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا پرەنسیپەکانی دەروونذروستی پێمان دەڵێت، یەکێك لە خەسڵەتەکانی کەسانی دەروونذروست بریتییە لە لێبوردەیی. کەسانی ناتوندوتیژ لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەك یان توندوتیژییەکی کاتی هەست بەپەشیمانی دەکەن و تووشی ئازاری ویژدانیان دەبن، بەڵام کەسانی توندوتیژ هەست بەپەشیمانی ناکەن و ئازاری ویژدانیان تووش نابێت، چونکە لە بنەڕەتدا ویژدانیان وەك پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی نەخۆشە.

**هەتا تاکی کۆمەڵگە و خێزان بەرەو رۆشنبیرییەکی تەندروست نەچن و لەسەر پەروەردەیەکی پتەو بنیاد نەنرێن، توندوتیژی رێگەی لێناگیرێ**

**لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر توندوتیژییە فیزیکییەکان دەخرێنە خانەی توندوتیژییەوە، لەکاتێکدا توندوتیژی دەروونی پانتاییەکی گەورەی لەژیانی کۆمەڵگەدا گرتووە**



# ئافرەت بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی ڕەچەشکێنی دەکات



زۆر جار چالاکانی بواری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دواخستنی ئافرەت بە هۆکاری نەریتی کۆمەڵگا و بەردخستنە سەر ڕێگەیان لە بەشداری سیاسی و ئابووری، وڵات و نەتەوەیەکیش دوادەخات، هاوکات بەپێی هەوڵەکانی ئافرەت بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی، سەلمێندراوە کەوا متمانەی تەواوی بە تواناکانی خۆی هەیە و بێ گوێدانە ئاستەنگەکان هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت و بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی خۆیان بۆ ئەم پرسە هەیە.

سەرەتا نەجیبە مەحمود وەك رۆژنامەوان و چالاكی بواری مافەكانی ئافرەت باسی ئەوە دەكات كە «ژن هەمیشە لە ئامانج و هەنگاوەكانی بەرەو بەدیهێنانی خەون و خولیاكانی، پرەنسیپە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەكانی لەبەرچاو گرتووە، لەو بوارەشدا بەرامبەر بە تواناكانی زۆر راستگۆ بووە، زۆرجاریش باجی ئەو راستگۆییەی داوە».

ئەو چالاكە مەدەنییە بە پرسیارێك درێژە بە ئاخافتنەكەی دەدات و دەڵێت: «گرنگە ئەو پرسیارە لە خۆمان بكەین، ئایا سیستمی پەروەردە تا چەند یارمەتیدەر و رێگەخۆشكەر بووە بۆ بەهێزكردنی متمانە بەخۆبوون لە ناو تاكەكانی كۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بەتایبەتی؟ بێگومان سیستمی دەسەڵات لە هەموو جومگەكانی ژیان بە تایبەتی لە وڵاتانی دواكەوتوودا هیچ كات لە بەرژەوەندیی ژن نەبووە، تا بتوانێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی مومارەسەی ویستەكانی خۆی بكات، لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێ بڵێین: ئەگەرچی هەموو بەربەستە كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و یاساییەكان رێگرییان لە پێشكەوتنەكانی رەگەزی مێ كردووە، بەڵام ژنان بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان بەردەوام هەوڵی خۆیان داوە.»

هێمن فەرید چالاكی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێستا كۆمەڵگەی كوردی بە رووی جیهاندا كراوەتەوە و چیتر نابێت لۆكاڵییانە بژین و دەبێت لەگەڵ پێشكەوتنەكانی دنیا هاوتەریب بین، هەروەها نابێت كۆمەڵگەی ئێمە لە كۆمەڵێك سێكتەر جیهانییانە بێت و لە كۆمەڵێك سێكتەری دیكەش لۆكاڵییانە بێت.»
بە بڕوای هێمن «پرسی ئافرەت و بەشداریكردنی لە گشت جومگە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان بووەتە پێوەری پێشكەوتنی زۆربەی وڵاتانی دنیا و ئافرەت وەك مرۆڤ سەیر دەكرێت و جیاكاریی رەگەزی و ئایینی و ئایدیۆلۆژیایی بەلاوە نراون.» گوتیشی: «سەردەمی ئەوە نەماوە ئافرەت تەنیا وەك میكانیزمێكی بەكاربەر و ئامرازێكی دەستی پیاو سەیر بكرێ، نیوەی پێكهاتەی كۆمەڵگەی ئافرتن و ناكرێت ئەو هێزە فراوانە فەرامۆش بكرێت، دەبێت لە هەرێمی كوردستانیش كار لەسەر ئەوە بكرێت كە ژنان لە ناوەندەكانی بڕیار دەستی راستەوخۆیان هەبێت، بەتایبەتی كە ئافرەتی بەتوانامان زۆرە و پێویستە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەسەر بنەمای پسپۆڕی و بە رێژەی خۆی پلەی وەزیری و بەڕێوەبەری گشتی و راوێژكار و خەبیریان پێبدرێت.»

هێمن فەرید لە درێژەی قسەكانیدا جەخت لەوە دەكاتەوە كە «لە كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵێك سێكتەر هەیە، دەبێت دەستی راستەوخۆی ئافرەتی تێدا بێت، وەك چاكسازی و بەندیخانەكانی تایبەت بە ژنان و دامەزروەكانی تایبەت بە توندوتیژی ژنان، چونكە لە روانگەی دەروونییەوە ژن چاكتر خوێندنەوەی بۆ كێشەكانی ژن دەبێت، هەروەها لە ئەنجومەنی دادوەری كە ژن زۆر فەرامۆش كراوە، پێویستە بەشدارییان هاوتەریب بكرێت. ئەوجا ئەگەر ئەو دەرگایە كرایەوە و بە یاسایەك رێكخراوە، دەكرێ لە هەموو دامەزراوەكانی حكوومی پۆستی هاوشانی پیاو بۆ ژنیش هەبێت، ئەوەش وادەكات وەك سەرەتایەك ژن پێگەی خۆی توندوتۆڵ بكات و سنوورە نەریتی و كۆمەڵایەتی و سیاسییە خراپەكان لەسەر ژن تێكبشكێنێت، لە ماوەی چەندساڵێكیش ژنانی لێهاتوو زیاتر دەبن و دەتوانن بە لێوەشاوەیی خۆیان پۆست وەربگرن. ئەو كاتە ژنان دەستی باڵایان دەبێت لە هەموو جومگەكان و كاری زیاتریش بۆ دەستەبەری مافەكانیان دەكەن و رێژەی كێشەكانی تایبەت بە توندوتیژی دژی ژنانیش بەرەوە كەمبوون دەچێت.»

نووسەر و شاعیر جەمال شارباژێڕی، سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە لە هەموو بوارەكاندا لەگەڵ ئازادی و پێشكەوتنی «ئەفرۆدیت»ـە. گوتیشی: «لە شیعرەكانمدا زۆر ئاماژەم بە ئەفرۆدیت كردووە، پێموایە ئەگەر دەسەڵاتە گرنگ و هەستیارەكانی دەوڵەت بدەنە دەست ئەفرۆدیت ئەوا زۆر بە رێكوپێكی بەڕێوەی دەبات، لەلایەكی دیكەوە ئەفرۆدیت هەمیشە لە رەگەزی بەرامبەر دڵسۆزتر و بە رەحم و بە ویژدانترە، بۆیە شایانی ئەوەیە تەنانەت سەرۆكی وڵات بێت، بۆچی نا، ئەوەتا هیلاری كلینتۆنی ئەمریكی خۆی دەپاڵێوێت بۆ بە دەستهێنانی پۆستی سەرۆكایەتی وڵاتەكەی، ئەوەتا سەرۆكی ئەڵمانیا ژنە و وڵاتێكی گەورە و گران بەڕێوەدەبات، بەڵام چی لە هەندێك خێزانی دواكەوتوو دەكەیت كە پەروەردەی سەقەتیان دەبێتە میكرۆبی ناو كۆمەڵگە؟»

حەسەن قەرەداخی بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەهیدانی قڕگە، رایوایە «بە درێژایی هەموو چاخەكان ئافرەت هەمیشە زیاتر لە پیاوان بڕوای بە ئازادی و كرانەوەی زیاتر بووە و ئاشتیخواز و ژیاندۆست و هەستیارتریش بووە. هەر ئەوەش وایكردووە هەمیشە پیاوان شێتگیرانە عاشقی ژنان بن، چونكە لەڕاستیدا سروشتی ئافرەت لەچاو شەڕەنگێزی پیاودا فریشتەیەكی سروشتی ڕاستەقینەیە، ئەگەر لە رووی ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگیشەوە سەیر بكەین، جلی ژنان رەنگاوڕەنگ و پڕژیانە، دەنگی ئافرەت ناسك و مۆسیقی و سروشتییە، سەرباری داگیركاری كەلتووری ئایینی و خێڵایەتی هەزاران ساڵە ژنان لەچاو پیاوان زۆر عاقڵانەتر لە ژیان دەڕوانن و ئاشتیخوازتر و ژیاندۆستترن. هەروەها لەكۆمەڵگە نەریتییەكان ژنان هەمیشە كوژراون و بكوژ نەبوون، ئازادی لێزەوتكراو بوون، نەك ئازادی زەوتكەر، كەواتە هەر بەشێوەی مۆدێلی جلوبەرگیش بێ ژنان زۆر پێش پیاوانن لە مەدەنییەتدا، ژنانی كورد لە گەشەكردنێكی بەردەوامدان بەرەو ئاشتكردنەوەی هەمووان لەگەڵ ژیاندا.»

رۆژنامەنووس فەرهاد بلباس سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت كە دەڵێن: ئافرەت نیوەی كۆمەڵە، بەڵام بە بۆچوونی من لەم كاتەدا دەكرێ ئەم رستەیە بخرێتە ناو رستە ناڕاستەكان، چونكە لە رێژەی ئافرەت بەراورد بە پیاوان، بەتایبەتی لە وڵاتانی پڕكێشە و شەڕدا جیاوازییەكی یەكجار زۆر دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان بە بێ گوێدانە داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان ئەو بەربەستە پۆلاییینەیان شكاندووە كە ئافرەتی تیا گەمارۆ درابوو. بەتایبەتی ئافرەتانی كورد كە لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ـەوە زیاتر هاتنە ناو گۆڕەپانی چالاكییە سیاسییەكان و زیاتر بوونی خۆیان سەلماند، لەم دواییانەش ئافرەتی كورد بە شێوەیەك بەرچاو كەوت كە بووە مایەی سەرسووڕمانی هەموو جیهان، كاتێ روویان كردە بەرەكانی جەنگ و چەكی كوردایەتییان لە دژی دڕندەكانی داعش لە شان كرد، گەرچی ئەمە شتێكی نوێ نەبووە لە كۆمەڵگەی كوردەواری و بە درێژایی خەباتی شاخ ئافرەتی كورد رۆڵی بەرچاوی لە خەبات و قوربانیدان هەبووە. بەگشتی ئافرەت ئەوەندە لاواز نییە كە نەتوانێ پشت بەخۆی و تواناكانی ببەستێت، بەڵام لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەك دیكە جیاوازی هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو نەریتە ناتەندروستەی كە تاوەكو ئەمڕۆ لە زۆربەی ناوچەكان بوونی هەیە».

فەرهاد بلباس لە كۆتایی قسەكانیدا جەختی لەوە كردەوە كە «بوونی ئەو هەموو ئافرەتە لە ریزی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچووی كوردستان، ئەو راستییە دەسەلمێنن كە ئافرەت گوێ بەو بەربەستانە نادات و تەوقی نەریتە ناڕەواكانیان شكاندووە. لەساڵانی داهاتووش چاوەڕوانی زیاتریان لێ دەكەین».

**بوونی ئەو هەموو ئافرەتە لە ریزی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچووی كوردستان، ئەو راستییە دەسەلمێنن كە ئافرەت گوێ بەو بەربەستانە نادات و تەوقی نەریتە ناڕەواكانیان شكاندووە. لەساڵانی داهاتووش چاوەڕوانی زیاتریان لێ دەكەین**

**بە درێژایی هەموو چاخەكان ئافرەت هەمیشە زیاتر لە پیاوان بڕوای بە ئازادی و كرانەوەی زیاتر بووە و ئاشتیخواز و ژیاندۆست و هەستیارتریش بووە**

**زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت كە دەڵێن: ئافرەت نیوەی كۆمەڵە، بەڵام بە بۆچوونی من لەم كاتەدا دەكرێ ئەم رستەیە بخرێتە ناو رستە ناڕاستەكان، چونكە لە رێژەی ئافرەت بەراورد بە پیاوان، بەتایبەتی لە وڵاتانی پڕكێشە و شەڕدا جیاوازییەكی یەكجار زۆر دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتان بە بێ گوێدانە داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان ئەو بەربەستە پۆلاییینەیان شكاندووە كە ئافرەتی تیا گەمارۆ درابوو**





# ئافرەت جەستەی پێشکەش ناکات بەڵکو عەقڵی پێشکەش دەکات

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**چالاکوانای مەدەنی و داکۆکیکاران لە مافەکانی ئافرەتان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ژینگە، پرۆسەی پەروەردە، کەلتووری نەریتسالاری و پیاوانی کۆمەڵگە ئەقڵی ئافرەتیان فەرامۆش کردووە و ئەوەندەی بایەخیان بە بایۆلۆژی و جەستەی ئافرەت داوە، ئەوەندە ئاوڕیان لە عەقڵ و توانا و کارامەیی ئافرەت نەداوە، هەر ئەوەش بە هۆکارێك دەزانن کە لە بەردەم گەشـــەی کۆمەڵگەدا بەربەستی گەورە دروست دەکات. بەشدار بووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە تاوتوێ دەکەن.**

«ئافرەت جەستەی پێشـــکەش ناکات، بەڵکو عەقڵ پێشـــکەش دەکات، بەڵام ئەوەندەی ســـوود لە جەستەی وەردەگیردرێ، لە عەقڵی سوود وەرناگرن».

ئەوە وتەی (ئەنجلینا گرمکی) بوو کە بۆ یەکەمجار لەبەردەم دەستەیەکی یاسادانان تابۆی بێدەنگیی ئافرەتی شـــکاند. گرمکی خانمێکی بە نەژاد باشووری و سپی پێســـت بوو کە لە شـــاری (چارلســـتن)ی ویلایەتی (کارۆلاینای باشـــوور) لە ســـاڵی ١٨٣٨ بۆ یەکەمجار داکۆکی لە ئافرەت کرد وتارێکی ئاراســـتەی دەستەی یاسادانان کرد.

رۆژنامەنووس و سەرنووسەری سایتی kdp غازی حەسەن، ســـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دەرفەتێکی نوێ لـــە کۆمەلگە هاتۆتە ئاراوە، ئافرەت دەبێت لەماڵ دەرکەوێت و لە شوێنە گشـــتییەکان کار بکات. کەواتە بزاڤی ئابووری کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری لە ژیانی ئافرەت و کەســـایەتی ئافرەت دروســـت کردووە. ناکرێت ئەمە یەکلایەنە ســـەیر بکەین، بـــەڵام دەکرێت ئەمە بە ســـەرەتایەکی نوێ لە کەســـایەتی ئافرەت و دوارۆژی ئافـــرەت لە کوردســـتان دابندرێت. لە پـــەروەردە هیچ جیاوازییـــەك لە نێوان منداڵی کـــوڕ و کچ نییە، بۆیە دەکرێت منداڵی کچ هەر لە ســـەرەتای تەمەنیەوە وەکو بوونەوەرێکـــی ســـەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر ســـەیر بکرێت، نەك هەمیشـــە لە پەنا و پەسێوان دەرکەوێت، لە قوتابخانە پلەی دوو بێت، لە گەشـــتوگوزار و دەرچوون بۆ ناو کۆمەڵگە هەمیشە وەکو کەسێکی سەرکوتکراوی دەمکوتکراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت».

ئەمەل جەلال محەمـــەد ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، باسی ئەوە دەکات کە هۆشیاری تاك لە کۆمەڵگە وابەستەیە بە فەلسەفەی حوکمڕانیی وڵات و ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەســـەڵاتی حوکمڕان بەڕێوەی دەبات، گوتیشـــی: «قبووڵنەکردنی ئافـــرەت لەلایەن کۆمەڵگەوە و بەشداری پێنەکردنی لە کایە سیاسییەکان مانای ئـــەوە ناگەیەنێ کە ئافـــرەت ئەقڵی بچووکە و ناهۆشـــیارە، یاخود لەبەرامبەر مافەکانی بێدەنگە، بگرە نیشـــانەی ئەوەیە سیســـتمی حوکمڕانی سیستەمێکی نێرینەیـــە و پیاوان بەڕێوەی دەبەن، کەواتە فەلســـەفەی حوکمڕانی و فەلسەفەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەرپرسیارە لە هۆشـــیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە. لە کاتێکدا ئافرەت ناهۆشـــیار نییە و زۆریش هۆشیارە، ئافرەت گیرۆدەی سیســـتەمێك و یاسایەکن هەتا ئێستا کـــۆت و بەندی کـــردوون لە چوارچێـــوەی دیوارەکانی ماڵەوە، یـــان لەپەراوێزی بەشـــداریکردندا، ئەوە هەوڵی ئافرەتانی هۆشـــیاربوو کە یاســـای توندوتیژی دەرکرا و یاســـای باری کەســـی هەموارکرایەوە، ئەگەر پیاوان لـــە کۆمەڵگەی ئێمەدا هۆشـــیاربوونایە دەبوو ئێســـتا کۆمەڵگەیەکی زۆر تەندروســـت و دوور لە توندوتیژیی خێزانی، دوور لە کوشتنی ئافرەتمان هەبووایە، بە بڕوای من هۆشـــیاری پیاوانی ئێمە لە هۆشـــیاریی ئافرەتی تێنەپەڕاندووە، ئەگەر لە رووی ئاماریشەوە هەڵسەنگاندن بۆ پێوەری هۆشـــیاریی ئافرەت بکەیـــن و بزانین چەند ئافرەتی خوێنـــدەوار و چەند پیاوی خوێندەوارمان هەیە، ئەوکات دەگەین بەم راســـتییەی کە ئەقڵی ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە کە پیاوان وێنایان کردووە».

**هەرچەندە پێشکەوتن روویداوە، بەڵام عەقڵی پیاوان هێشتا بەو جۆرە گەشەی نەکردووە کە باوەڕی وابێت ژن بتوانێت هاوشانی پیاو یاسادانەر و خاوەن بڕیاری سیاسی بێت**

**بەشداری پێنەکردنی ئافرەت لە کایە سیاسییەکان مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەت ئەقڵی بچووکە و ناهۆشیارە، یاخود لەبەرامبەر مافەکانی بێدەنگە، بگرە نیشانەی ئەوەیە سیستمی حوکمڕانی سیستەمێکی نێرینەیە و پیاوان بەڕێوەی دەبەن**

**منداڵی کچ دەبێت هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە وەکو بوونەوەرێکی سەرەکی و وەبەرهێن و بڕیاردەر سەیر بکرێت**

حەســـەن ســـاڵح قەرەداخی بەڕێوەبەری قوتابخانەی شـــەهیدانی قڕگە، ســـەبارەت بە هەمان پـــرس دەڵێت: «بێگومان لە کەلتووری ئایینی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا، ژن وەك کاڵا و ســـامان و سەروەتێکی پیاوان سەیر کراوە. هەرچەندە پێشـــکەوتن روویداوە، بـــەڵام عەقڵی پیاوان هێشـــتا بەو جۆرە گەشـــەی نەکردووە کە باوەڕی وابێت ژن بتوانێت هاوشـــانی پیاو یاســـادانەر و خاوەن بڕیاری سیاسی بێت. ســـەیرکردنی سێکســـییانەی پیاو بۆ ژن لـــەم کۆمەڵگە داخراوانەدا زۆر ئابڕووبەرانەیە. گرفتەکە دیـــد و تێڕوانینی عەقڵییەتـــی کۆمەڵگەیە بۆ پێگەی ژن، کە پێیانوایە تەنیا پێداویســـتییەکی پیاوە بۆ جنس و خزمەتکردنی پیاو و منداڵخستنەوە، ئەم بۆچوونە هێندەی خایاندووە، ئێســـتا خودی ژنانیش هەمان ئەو کارەکتەرەن کە پیاوان بەدڵیانە، بێگومان ژینگە و پرۆسەی پەروەردە و کەلتووری کۆمەڵگـــە ئەقڵی ژنی فەرامۆش کردووە، لە کاتێکدا ژن لە پیاو زۆر خۆڕاگترە، ژن دایکی پیاوە، بۆیە هەر دەبێت عاقڵتریش بێت.»

# گەنجان لە راگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری نیگەرانن

ئامادەبوونی عەقڵی و دەروونی و تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری زیاتر لە پێشینەی هاوسەرگیری بەختەوەری خێزانی مسۆگەر دەکات

پێویستە حکومەت سندووقێکی تایبەت بۆ پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە دابین بکات و ساڵانە چاوەڕوانی پەسەندکردنی بودجە نەکات

ئەگەر پێشینەی هاوسەرگیری کوڕان و کچانی قەیرە و بێوەژن دوو بەرامبەر بکرێ، بەشێکی زۆری دیاردەی قەیرەیی و کێشەی بێوەژنان چارەسەر دەکرێ

### دواکەوتنی پێشینەی هاوسەرگیری کێشە دروست دەکات

«من فەرمانبەرم و دەرچووی کۆلێژم و تەنیا ٦٠٠ هەزار دینار مووچەکەمە، ئەویش بەشی هیچ ناکات، بەڵام سوپاس بۆخوا بەهەوڵی چەند پەرلەمانتارێك پێشینەی هاوسەرگیری زیادکرا، ئێستا دەتوانین بەو پێشینە شتێك بەشتێك بکەین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەموو ساڵێك بودجە دوادەکەوێت و پێشینەی هاوسەرگیریش رادەگرن، واتە لە ساڵێکدا تەنیا چەند مانگێك ئەو پێشینەیە دەدرێت». ئەوە قسەی فەرمان محەمەدی تەمەن ٣١ ساڵ بوو. ئەو پێشنیار دەکات «حکومەت سندووقێکی تایبەت بۆ پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە دابین بکات و ساڵانە چاوەڕوانی پەسەندکردنی بودجە نەکات».

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی کە هەمیشە کوڕان وکچان لەقۆناغی زانکۆ بگرە پێش زانکۆش باسی لێوە دەکەن، پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییە، کە بە بەراورد بە ساڵانی رابردوو ڕێژەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە، بەڵام هێشتا گەنجان دەیان کۆسپ و تەگەرەیان لەبەردەمە، بەتایبەتی بەهۆی گرانیی زێڕ و کەمیی داهاتیانەوە، بەشێکی زۆریان لەکاتی پێکهێنانی ئەم پرۆسەیە ڕووبەڕووی زۆر گرفت دەبنەوە.

هێرش کاروان سەلیم، قوتابی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی ئادابەو وەك خۆی باسیکرد، ئەمساڵ لەگەڵ کچێکی هاوپۆلی خۆی هاوسەرگیری ئەنجامداوە، هێرش زۆر دڵخۆشە بەوەی کە توانیویەتی پرۆسەی هاوسەرگیری لە «تەمەنێکی گونجاو» ئەنجام بدات. بەڵام رایوایە «بڕی پێشینەی هاوسەرگیری زۆر کەمەو بەشی هیچ ناکات»، گوتیشی «گەرچی ئەو پێشینەیە کەمێك کێشەکەمی کەم کردۆتەوەو قەیرانە ئابوورییەکەی بۆم چارەسەر کردووە، خۆم و هاوسەرەکەشم توانیومانە لەدوای دەوامی کۆلێژ لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی گواستنەوە و فڕۆکەوانی کاربکەین». هێرش بەدەم کارکردنەوە، باسی ئەوەی کرد کە «حکومەت تەنیا شەش مانگ یان هەشت مانگ پێشینەکە خەرجدەکات و دوای ئەوە ڕایدەگرێت».

ئومێد کاکل وەك گەنجێك پێیوایە بەهەوڵ کۆششی ژمارەیەك پەرلەمانتار پێشینەی هاوسەرگیریی لە ملیۆنێکەوە بۆ ٥ ملیۆن دینار زیاد کراوە، بەڵام ئەم بڕە پارەیە سوودی زۆری نییەو دەڵێت «بڕی پێنج ملیۆن بۆ ئێستا شتێکی ئەوتۆی پێ ناکرێت، چونکە ئێستا نرخی زێڕ و شتوومەکی ناوماڵ زۆر بەرزە وەك پێویست ناتوانین کاری خۆمانی پێ جێبەجێبکەین، بۆیە داواکارین پێشینەی هاوسەرگیری بکرێتە ١٥ ملیۆن دینارو هاوشێوەی پێشینەی خانووبەرە بێت، چونکە ئەوە بۆ دەستپێکی ژیانی هاوسەری گەنج زۆر پێویستە و بەشێکی زۆری کێشەکانیان چارەسەر دەکات».

### پێویستە پێشینەی هاوسەرگیری کوڕان و کچانی قەیرە دوو بەرامبەر بکرێ

رەشید سلێمان یەکێکە لەو دەیان گەنجەی کە بەو پێنج ملیۆن دیناری پێشینەی هاوسەرگیری توانیویەتی پرۆسەکە ئەنجامبدات، ناوبراو ئەوەشدەخاتەڕوو کە بە هۆی ئەو پێشینەیە رێژەی هاوسەرگیری زیادی کردووە، بەڵام بەشێکی زۆر لەکچانی قەیرە ماونەتەوەو پێویستە خەمێك لەوان بخورێت، بۆیی مەرج نییە بۆ هەموو زەواجێك یەك جۆر پێشینە هەبێت، ئێستا ئەگەر کوڕێك کچێکی ١٨ ساڵان بهێنێت و کچێکی چڵ ساڵان بهێنێت، هەر یەك پێشینە وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، دەکرێ ئەگەر کوڕێك لەگەڵ کچێکی تەمەن ٣٠ هەتا ٤٠ ساڵان یان بێوەژنێك هاوسەرگیری بکات، پێشینەکەی دوو ئەوەندە بێت، واتە پێشینەی هاوسەرگیری کوڕان و کچانی قەیرە دوو بەرامبەر بکرێ، ئەوە هاندانێکە بۆ کەمتر کردنی قەیرەیی» .

### عەقڵ و دەروون و تەمەنی گونجاو بەختەوەری خێزانی مسۆگەر دەکات

توێژەری کۆمەڵایەتی سیڤان کەمال ئاماژە بەوە دەدات کە هەر کەسێك کاتێك هاوسەرگیری دەکات، لە پێش هەموو شتێکدا دەبێت لە لایەنی عەقڵی و دەروونی و تەمەنەوە ئامادەگی وەرگرتنی ژیانی تازەی هەبێت، گوتیشی «ئەوەی گرنگە لەپرۆسەی هاوسەرگیری چۆنێتی ئەوکەسەیە کە دەتوانێت لەگەڵ ئەو پرۆسەیەدا بژی، چونکە لەپاڵ توانا ماددیەکان پێویستە توانای مەعنەویش هەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە تەمەنی هاوسەرگیری پەیوەندی بە هەلومەرجی جۆراوجۆر وەکو ژیانی شار و گوند، ئاستی رۆشنبیری، کەلتووری بنەماڵەکان هەیە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیادا گەنجان لە نێوان تەمەنی ١٨ تا ٢٥ساڵی خێزان پێکدەهێنن».

ناوبراو ئەوەشدەخاتەڕوو کە پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر لاوان هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە زورتر بچنە نێو ئەم پرۆسەیەوە، گوتیشی: «لەڕاستیدا دیاریکردنی ئەو بڕەپارەیە کاریگەری زۆری لەسەر پڕۆسەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە، بە تایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بۆیە ئەگەر دیراسەیەك بکەین، ڕەنگە ئەوکات حەقیقەتی ئەو بڕە پارەیەمان لەسەر گەشەپێدانی پڕۆسەی هاوسەرگیری بۆ ڕوون ببێتەوە، بەڵام گرانیی نرخی زێڕ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی دیکەی لەسەر لاوان دروستکردووە، چونکە لەگەڵ زیادبوونی داهاتی تاکدا نرخی زێڕیش بەرز دەبێتەوە واتا دەبێت نەخشەیەك هەبێت بۆ ڕاگرتنی باڵانس».

سیڤان کەمال لە درێژەی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە تەمەنی هاوسەرگیری لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکان زیادی

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**گەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسانکاری لە پێکهێنانی خێزان بڕی پێشینەی هاوسەرگیری لە یەك ملیۆن بۆ پێنج ملیۆن دینار بەرز کردەوە، بەڵام بەهۆی بڕینی بودجە و مووچە لە لایەن حکومەتی بەغداوە، هەروەها بە هۆی شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانەوە کە بارگرانییەکی زۆری دارایی بۆ حکومەت دروست کردووە، پێشینەکان و لە ناویاندا پێشینەی هاوسەرگیری ڕاگیراوە، ئەوەش چەندین کۆسپ و تەگەرە بۆ ئەو گەنجانە دروستدەکات کە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش پشت بە وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری دەبەستن.**



کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی لە حاڵی گەشەسەندنیشن ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بوونەتەوە. وڵاتانی جیهانی سێیەم یاخود وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان زیاتر لە هۆکارێکیان هەیە بۆ کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەوانە: کێشە ئابووری و کەلتوورییەکان لە دەستنیشانکردنی تەمەنی هاوسەرگیریدا دەورێکی کاریگەر دەبین، لە هەندێك وڵاتدا بیروڕا ئایینیەکانیش دەبنە هۆیەکی زۆر گرنگ و چارەنووساز لەو بوارەدا، ئەمە بێجگە لەوەی کە تەمەنی هاوسەرگیری بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و تەنانەت شوێنی جوگرافیایی و ژینگەی کەسەکان دەگۆڕێت».

ئەو توێژەرە جەخت لەوەدەکاتەوە کە پرۆسەی هاوسەرگیری لەکوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، «ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ چەند ساڵێك لەمەوبەر دەبینین بە ڕێژەیەکەی زۆر بەرزبۆتەوە، چونکە داهاتی تاك زیادی کردووەو قەیرانی ئابووریش کەم بۆتەوە،» گوتیشی «بەپێی ئەو ئامار و داتایانەی کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بڵاوی دەکەنەوە، ڕێژەی هاوسەرگیری لەنێو چینی هەژاران زۆر زیاترە بە بەراورد بەچینی دەوڵەمەند و ناوەڕاست، چونکە هاوسەرگیری لەنێوان هەژاران لەسەر بنەمایەکی نەریتییەو کەمترین خەرجی ئابووری دەوێت، بەڵام هاوسەرگیری نێوان دەوڵەمەندەکان پێویستی بە داهاتێکی زۆرەو ئەمە وایکردووە کە هاوسەرگیری لەنێوان چینی هەژاراندا زۆر زیاتربێت».

**زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری نرخی زێڕ بەرز ناکاتەوە**

هاشم کەریم پسپۆڕی ئابووری، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوە کرد، کە زیادکردنی پێشینەی هاوسەرگیری چارەسەری کێشەکان دەکات و نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ، گوتیشی «نرخی زێڕ لە لایەن زێڕنگەرەکان، یان بازرگانەکانی ئاڵتوون، یان حکوومەتی هەرێمەوە دیاری ناکرێت، بەڵکوو بۆرسەی جیهانیی زێڕ ئەوە دیاری دەکات. نرخی زێڕیش بەهۆی ئەو تەوژمە سیاسییە نائارامەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە زۆر ناجێگیربووە».

ئەو ئابووریناسە پێشنیار دەکات گرنگی زیاتر بە هەڵمەتی وشیارکردنەوەی گەنجان بە هەردوو ڕەگەز بۆ کەمکردنەوەی کڕینی زێڕ و ئاهەنگی گێڕانی بەکۆمەڵ و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان بدرێت، ئەمە بێجگە لەوەی دەتوانرێت وەك وڵاتی ئێران سندوقی خۆشەویستی دروستبکرێت، ئەو سندوقەی تایبەتە بە پێدانی قەرزی زەواج بۆ ئەو گەنجانەی کە هەژارن و دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن، ئەمانە هەمووی هەنگاون و دەتوانرێت وەك ڕێکاری چارەسەری کێشەکە جێبەجێ بکرێن».

**دانانی سندوقێك بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان ئاسانکاری زیاتر بۆ هاوڵاتیان دەکات**

لەلای خۆیەوە دلێر مەحموود بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە کە «پەرلەمانی کوردستان هەمیشە هەوڵی بەردەوامی داوە بۆ زیادکردنی پێشنەی هاوسەرگیری و گوتیشی: «ئێمە پێشنیارمان کردووە کە سندوقێك هەبێت بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکان، بۆ ئەوەی سەرجەم پارەکان کە وەردەگیرێتەوە لەو سندوقەدا بن، هەرچەندە ئێستا حیسابێك هەیە کە ئەو پارانەی بۆ دەنێرنەوە، بەڵام ئەگەر بکرێت بە سندوقێك، ئەوکات زیاتر ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان دەکات».




# لە پشت هەر پیاوێکی مەزن ئافرەتێک هەیە

لەگەڵ دەستپێکی سەرهەڵدانی مرۆڤ، ئافرەت لە ڕێکخستنی خێزان و دروستکردنی پیاوی مەزن ڕۆڵی گرنگی هەبووە، سەبر و ئارامی و بەخشندەیی ئافرەتیش وایکردووە ژیان بەردەوام بووە، تەنانەت گەورەیی پێگەی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەدا هاوکێشەیەکی دروست کردووە، کە کوڕان تا نەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری بە پیاو حیساب ناکرێن، پیاوانی زگورتی و بێ هاوسەریش بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا پێگەیەکی لاوازی کۆمەڵایەتییان هەیە. بۆ نموونە: بە هۆی نەریتی کۆمەڵایەتی ئەگەر پیاوێك زگورتی بێت، ئافرەت لەسەردانە خێزانییەکانیش ناتوانێ سەردانی بکات. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە شەن و کەو دەکەن.

نووسەری رووسی سۆخۆملینسکی دەڵێت: «لە پەروەردەکردنی خۆشەویستیدا، ژن رۆڵی سەرەکی دەبینێت، چونکە ژن هەر دایکی منداڵ نییە، پیاویش پەروەردە دەکات»، هەروەها دەڵێت: «ئەوە ژنی ئازا و بەهێز و دڵسۆزە، پیاوی ئازا و بەهێز و دڵسۆز دەخوڵقێنێت و پیاو لە ژنی رۆح دەوڵەمەندەوە، فێر دەبێت، قەدری جوانی بگرێت».

شیرین ئامێدی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بە حوکمی ئەوەی هاوسەرگیری سوننەتی ژیانە و واجبێکی شەرعییە، کوڕان و کچان کە دەگەنە تەمەنی باڵغبوون بیر لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەری دەکەنەوە، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەو پرۆسەیەوە بگەنە لوتکەی کامڵبوون بە تەواوی ماناکانیەوە، بەڵام لێرە و لەوێ دەبینین هەندێك لە پیاوان بە تەنیا ژیان بەسەر دەبەن، دیارە ئەوە زیاتر پەیوەندی بە روانگەی خۆیانەوە هەیە کە چۆن لە ژیان دەڕوانن، بەڵام هەندێك هۆکاری دیکەشی هەیە، لەوانە: هۆکاری دەروونی، ئابووری، جەستەیی و...تاد، بەڵام زۆرینەی ئەو پیاوانەش حەز بەو ژیانە تەنیاییە ناکەن، بەدڵنیاییەوە ئەوانیش حەز بەوە دەکەن خێزان و منداڵیان هەبێت، چونکە یەکێك لە پرەنسیپە گرنگەکانی ژیان دروستکردنی ژیانی هاوبەشە، دروستکردنی ئەو ژیانە هاوبەشەش ئارامی و ئاسوودەیی و ئاشتەوایی بەم دوو مرۆڤە دەبەخشێت و خێزانێکی دروست پێکدەهێنن، مرۆڤیش کە نەتوانێ ناو ماڵی خۆی رێك بخات، چۆن دەتوانێ ماڵی دراوسێکەی رێکبخات، چۆن دەتوانێ ئامۆژگاری کەسانی دی بکات؟

شیرین ئامێدی لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەت رۆڵی سەرەکیی لە هەموو کایەکانی ژیاندا هەیە، سەبارەت بە ژیانی خۆیشی گوتی: «ئەگەرچی من لە پێگەیاندنی هاوسەرەکەم رۆڵی وام نەبووە، بەپێچەوانەوە ئەو هەموو ئاسانکارییەکی بۆ گەشەکردنی من کردووە، بەڵام ئەوە دەگمەنە و لە ئاستی گشتیدا سەلمێندراوە کە پیاو بە تەنیا کامڵ نییە و هەر پیاوێکی کامڵیش ئافرەتێکی بە توانای لەپشتە».



پرۆفیسۆری یاریدەدەر رێزان ئەحمەد لە کۆلێژی پەروەردە بەشی پەروەردەیی و دەروونی، رایوایە «بەشێوەیەکی گشتی ئەو پیاوانەی کە دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەری گۆڕانکاری جۆراوجۆر بەسەر ژیانی رۆژانەیاندا دێت، نموونەی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری، گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانی پیاو لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئاستی رۆشنبیری و توانا و لێهاتوویی هاوسەرەکەی، وتەیەکیش هەیە دەڵێت: (لەدوای هەر پیاوێکی مەزن ئافرەتێکی مەزن هەیە)، لەسەرووی هەموو ئەوانەوە بە هاوسەربوون هۆکارێکە بۆ دروستبوونی سەقامگیری دەروونی، ئەوانەی چوونەتە ناو ئەو پرۆسەیە لە رووی دەروونییەوە تا ئاستێك سەقامگیرن، پێچەوانەی ئەوانەی کە نەچوونەتە ناو ئەو پرۆسەیە ئەوان هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن هاوسەرگیری بکەن و کێ بکەنە هاوبەشی ژیانیان، بەڵام پیاوی خاوەن هاوسەر لەم رووەوە باری دەروونی جێگیرە و لەبری ئەوە بیر لە شتی دیکە دەکاتەوە، لەو حاڵەتەدا ئیمتیازات و پێشکەوتنی زیاتر دەبێت، تەنانەت لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە زۆر لە پیاوانی بێ هاوسەر جیاوازترن»، گوتیشی: «ئێمە کۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵایەتیمان هەیە، ئەگەر پیاوێك زگورتی بێت و بە تەنیا بژی، ئافرەت لەسەردانە خێزانییەکانیش ناتوانێ بچێتە ماڵەکەی، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە هاوسەریشی هەبێت، بەڵام هاوسەرەکەی لەماڵ نەبێت، بەهەمان شێوەیە، چونکە کۆمەڵگەکەمان ئەوەی قبوڵ نییە، بۆیە لە هەموو حاڵەتەکاندا کە پیاو دەچێتە ناو پرۆسەی بەهاوسەربوون، سنوورێك بۆ هەڵسوکەوتەکانی خۆی دادەنێت».

رۆژنامەنووس هۆشمەند چەکوانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «من هەمیشە گوتوومە (مرۆڤبوون بەر لە رەگەز بوون) واتا با ئێمە مرۆڤەکە ببینین، ئینجا پێوەری نێر و مێ بێنینە سەرخوانی قسەکردن، ئاخر ئەم دووانەیەی پێیان دەگوترێت نێر و مێ، دووانەیێکی تەواو گونجاون بۆ یەکتری و تەواوکاری یەکترین، زۆر بەدڵنیاییەوە یەکێك لە جوانترین نەخشەکانی خودا خوڵقاندنی ئەم دووانەیە. دەشێ لەبەشێك لە بەشەکانی ژیان ئەم دووانە بەبێ یەکتر هەڵبکەن، بەڵام بۆ قۆناغی دوور و درێژ دووربوون لەیەکتری مەحاڵە. بۆیە بەدیدی من هیچ یەکێك لەم دووانە کامڵ و تەواو نابن تا ئەوکاتەی بەیەك نەگەن، ئاخر نە نێر بە تەنیا و نە مێ بە تەنیا ناتوانن وەچەو منداڵ بخەنەوە، ئیدی هەر ئەمەشە وایکردووە کە لەنێو نەتەوەکانی دنیاداو لەسەرتاسەری گەردووندا لەنێو مرۆڤ و تەنانەت بوونەوەرەکانی دیکەشدا فۆرمی جیاجیای پێکەوەژیانی ئەم دووانەیە هەیە»، گوتیشی: «هەردوو رەگەزی نێر و مێ تەواوکاری یەکترن، بەڵام لەهەمان کاتدا ناکرێت رۆڵی ژنێکی ژیر و زانا لە دروستکردنی خێزان و پیاوێکی کامڵ و نەوەیەکی تەندروستدا لەبیر بکرێت. ئاخر هەر ئەو کچ یان ژنەیە کە دەبێتە هاوسەر و دایك و دواتریش یەکەم مامۆستا و ئامۆژگار دەبێت بۆ منداڵەکان».

ئەندازیار ئەمجەد قەرەداغی، لە دەستپێکی قسەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە «لە ئێستای کوردستاندا پەیوەندی خێزانی و روانینمان بۆ رۆڵی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا چووەتە قۆناغێکی دیکەوە، ئەو بیرە تەسکەی کە جاران بەرامبەر بە ئافرەتان هەبوو، ئێستا زۆر گۆڕاوە، لەو گۆڕانەش خودی ئافرەت رۆڵی هەبووە و توانیویەتی بیسەلمێنێت کە شانبەشانی پیاو دەتوانێ کەسێکی بەرهەمهێن بێت، لەوەش زیاتر هەر ئافرەتە کۆڵەگەی پەیوەندییەکانی نێو خێزانە، وێڕای ئەرك و ماندووبوونەکانی خۆی، بەردەوام سۆز و خۆشەویستییەکی زیاتر بە هاوسەر و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی دەبەخشێت، من بەشبەحاڵی خۆم لە ژیانی رۆژانەمدا لە هاوسەرەکەم ئەوە بەدی دەکەم، هەرچەندە هاوسەرەکەم وەکو من ماندووە بە راپەڕاندنی کارەکانی لە دەرەوەی ماڵ، بەڵام لە ماڵەوەش توانیویەتی ئەو بۆشاییەی کە لەئەنجامی پاڵەپەستۆی کار و هیلاکی مێشك دروست دەبێت، بە زیادەوە پڕ بکاتەوە، ئەوەش هێزێکی خواییە کە پیاو ناتوانێت ئەنجامی بدات.

راگەیاندنکار و چالاکی بواری ئافرەتان کەتان خادیمی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە هەموو بیرمەندان رایانوایە ئافرەت یەکەم دینەمۆی پەروەردەیە، گوتیشی: «ئەمە بەو مانایە نییە کە پیاو بەرپرس نییە، یان تەنها ژن تەنها کاری پەروەردەیە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە ژن لە پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵدا توانا و کاریگەری لە پیاو زۆرترە و تەنانەت پیاویش پەروەردە دەکات، مامۆستا هەژار موکریانی لەچێشتی مجێوردا بەرامبەر بە سوپاسی بۆ هاوسەرەکەی دەڵێت: خۆزگە لەبری ئەوەی پەیکەر بۆ پیاوە گەورەکان درووست بکرایە، پەیکەر بۆ فرمێسکەکانی ژن و خوشکەکانیان دروست دەکرا، چونکە ئەوە ئەوانن لەپشت سەرکەوتنەکانی پیاوانەوەن، بۆیە هەمیشە دەبێت کۆمەڵگە رێز لە گەورەیی ژن بگرێت، ژنیش خۆی ئەم گەورەییەی خۆی بپارێزێت، دیارە بەپێی سەردەم و رۆژگارەکان بەرپرسیاریەتییەکەش دەگۆڕدرێت.»

**هەردوو رەگەزی نێر و مێ تەواوکاری یەکترن، بەڵام لەهەمان کاتدا ناکرێت رۆڵی ژنێکی ژیر و زانا لە دروستکردنی خێزان و پیاوێکی کامڵ و نەوەیەکی تەندروستدا لەبیر بکرێت**

**گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانی پیاو لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ ئاستی رۆشنبیری و توانا و لێهاتوویی هاوسەرەکەی دەگەڕێتەوە**

**ژن لە پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردەی منداڵدا توانا و کاریگەری لە پیاو زۆرترە و تەنانەت پیاویش پەروەردە دەکات**

# هەڵكشانی ڕێژەی مردن زەنگێكی مەترسیدارە

**لێكۆڵینەوە زانستییەكان سەلماندوویانە، كە ژینگەی تەندروست، جۆری خۆراك، وەرزش و خۆشگوزەرانی چانسی تەمەندرێژی و مانەوەی مرۆڤەكان لە ژیاندا زیاتر دەكەن، هەر ئەوانەشە وایكردووە كە لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا بایەخێكی زۆر بە تەمەندرێژی مرۆڤ و ساخڵەمییان دەدرێت. بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا بە هەرێمی كوردستانیشەوە، جگە لە شەڕ و كوشت و بڕەكان، ڕێژەی مردنی ئاساییش بەرز بووەتەوە. ئەوەتا لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا تەنیا لە شاری هەولێر(٣١٨٦) كەس بە هۆكاری جیا و لە تەمەنی جیاواز گیانیان لە دەستداوە.**

گوڵان: كۆمەڵایەتی

زانایان بۆ تێكڕای تەمەنی مرۆڤ ١٥٠ساڵیان داناوە، بەڵام زۆر بەدەگمەن مرۆڤەكان دەگەنە ئەو تەمەنە، بەشێوەیەكی گشتی كەسە بە تەمەنەكانی جیهان، تەمەنیان لەنێوان ١١٠-١٢٥ ساڵدایە. بەپێی ئاماری ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی، ئاستی تێكڕای تەمەن لە هەرێمی كوردستان بۆ خوار ٦٠ ساڵ دابەزیوە، چونكە لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرترین ڕێژەی مردن لەنێوان تەمەنی (١ تا ٥٥) ساڵی تۆماركراوە.

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشكی دادوەری هەرێم، كۆی گشتی ئەو مردووانەی كە لە ساڵی ڕابردوودا - ٢٠١٤ - لە سەرجەم پزیشكە دادوەرییەكانی هەرێمی كوردستاندا تۆماركراون، ژمارەیان- ٣٢٥٥- هاووڵاتییە و ئەوەش بەرزترین ڕێژەی مردنە كە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو لە ساڵی ٢٠١٤ تۆمار كراوە. كەمترین ڕێژەی مردنیش لە پزیشكی دادوەری شارەزوور تۆماركراوە و زۆرترین ڕێژەی مردنیش لە پزیشكی دادوەری دهۆك تۆماركراوە.

لە ئامارەكەی پەیمانگەی پزیشكی دادوەری هەرێمدا خشتەیەكی تایبەت بە ژمارەو هۆكاری مردنی ئافرەتانی دیاری كردووە. بەپێی ئەو خشتەیە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا گۆڕانكاری زۆر بەسەر ژمارە و هۆكاری مردنی ئافرەتاندا هاتووە، بە جۆرێك كە لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی مردن بە هۆكاری خنكان زیادی كردووە و لە پارێزگای دهۆكیش كەمی كردووە.

هەر بە پێی ئەو ئامارە تەنیا لە هەولێر ١٣٧ ئافرەت و ٤٠ پیاو بەهۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە. هەروەها لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لەهەر سێ پارێزگاكەی هەرێمی كوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)، سێ هەزار و ٤٩ ئافرەت بە ڕووداوەكانی (سووتان، فیشەك، ڕووداوی هاتووچۆ، خنكان) گیانیان لەدەستداوە.

زۆرترین ژمارەی مردن لەسەر ئاستی كوردستان هی پیاوان بووە و زۆرترین ژمارەی مردن لە دهۆك تۆماركراوە، كە لە دهۆك ٩٣٥ كەسن. دوای ئەویش هەولێر دێت بە ٩٣٤ كەس، بەڵام سلێمانی بەپلەی سێیەم دێت بە ٨٦٢ كەس.

لە سنووری هەر چوار پارێزگاكەی هەرێمی كوردستان، لەماوەی ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی خنكان لەئاودا، ١٣٤ حاڵەتی مردن تۆماركراوە، كە زۆرینەی لە پارێزگای سلێمانیدا بووە و ٣٧ حاڵەت بووە، دوای ئەویش پارێزگای دهۆك بە ٢٨ حاڵەت، هەولێر بە ٢٧ حاڵەت دێن.

سەبارەت بە خنكان بە پەت، ٥٥ حاڵەت تۆماركراوە،

**بەپێی ئاماری ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی، ئاستی تێكڕای تەمەن لە هەرێمی كوردستان بۆ خوار ٦٠ ساڵ دابەزیوە**



لە هەولێر ٢٧، سلێمانی ٢٠، دهۆك ٤، بەمشێوەیە خنكان لە ئاو و خنكان بەپەت پێكەوە لەكوردستان ١٧٩ حاڵەتی لێ تۆماركراوە، كە ٤٥ حاڵەتی ژن بووە و ١٣٥ حاڵەتی پیاو بووە.

لە پارێزگای هەولێر، بەنێر و مێ، زۆرینەیان بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبیل گیانیان لەدەستداوە، كە ژمارەیان ٣٤٥ حاڵەت بووە، دوای ئەویش مردن بەهۆی فیشەك دێت، كە ١٨٨ حاڵەتە، بەڵام ١٧٧ حاڵەتی مردن بەهۆی سووتانەوە بووە، كە لەو ژمارەیە ٤٠ حاڵەتیان پیاو بوون.

هەرچی خنكانە لەناو ئاو ٢٧ حاڵەتی پشكنین تۆمار كراوە، كە هەمووی پیاو بوون، بەڵام خنكان لە رێگەی پەتەوە ٢٧ حاڵەت پشكنینی بۆ كراوە، كە ١٣یان ئافرەت بوون. مردنیش بە هۆی كارەباوە ٢٤ حاڵەت پشكنینیان بۆكراوە و تەنیا ٤ حاڵەتیان ئافرەت بوون.

لەلایەكی دیكەوە بەپێی ئاماری فەرمانگەی گشتی تەندروستی هەولێر تەنیا لە شەش مانگی یەكەمی ئەمساڵ ٢٠١٥، لە هەولێر٣١٨٦ كەس مردوون. ژمارەی مردووانی ساڵی ٢٠١٤ی شاری هەولێر ٥٨٧٠ كەس بووە و ژمارەی لە دایكبووانیش ٥٦٩٠٠ منداڵ بووە.

٤٩،٢ ی ئەم رێژەیە بە هۆكاری نادیار واتا رووداو مردوون. ٢٢،٢ بە هۆی نەخۆشییەكانی دڵ و بۆڕییەكانی خوێن بووە. ٩،٩ منداڵی تازە لەدایكبووی تەمەن (١ تا ٣٠) رۆژی بوون. ٢،٨ شێرپەنجە و ١،٣ نەخۆشییەكانی هەوكردن و زیندەوەرە وردبینەكان و ١،٣ كۆئەندامی میزەڕۆ بوون، هەروەها ١،١ نەخۆشییەكانی كۆئەندامی هەناسە و ٠،٢ نەخۆشییەكانی رژێنەكان و میتاپۆلزم و بەرێژەی ٠،١ نەخۆشییەكانی كۆئەندامی هەرس بوون.

لەلایەكی دیكەوە بە گوێرەی ئاماری پۆلیسی هەولێر لە ماوەی نۆ مانگی رابردوودا، ١٥٣ كەس لە شاری هەولێر بە هۆی رووداوەكانی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە و ٢٨٠ كەسیش كەمئەندام بوون.

پسپۆڕانی تەندروستی و بۆماوەزانی رایدەگەیێنن، پیسبوونی ژینگە و هاوردەكردنی خۆراك و دەرمانی خراپ و كێشەی دەروونی و زۆرخۆری، نەخۆشییە درێژخایەن و كوشندەكان، رێژەی مردنی لە كوردستان بەرەو هەڵكشان بردووە.

هەروەها دەڵێن لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا تێكڕای تەمەنی مرۆڤی هەرێمی كوردستان ١٠ بۆ ١٥ ساڵ دابەزیوە.

د.كەریم جەلال، پسپۆڕی بۆماوەزانی هێما بۆ ئەوە دەكات كە پیسبوونی ژینگە و هاوردەكردنی دەرمان و خۆراكی خراپ، تێكچوونی باری دەروونی خەڵك، كەمی جووڵە و زۆرخۆری، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان نەخۆشی كوشندە لە هەرێمی كوردستان.

ئەو پزیشكە ئاماژە بەوە دەكات: لەئەنجامی ئەو هۆكارانەی سەرەوە رێژەی رەگە سەربەستەكان free radical لە لەشی مرۆڤ زیادەبێت، ئەو مادە زیانبەخشانەش هێرش دەكەنە سەر ماددەی DNA، بەمەش بازدان Mutation لە خانەكانی لەش روودەدات، هاوسەنگی جینە سەرەكییەكان تێكدەچێ و دەبنە هۆی دروستبوونی نەخۆشییەكانی شێرپەنجە، دڵ، كۆئەندامی هەناسەدان و نەخۆشی دیكە، دواجار بە هۆیانەوە مرۆڤەكان لەتەمەنێكی كورتدا دەمرن. گوتیشی: «تێكچوونی دەوروبەری تەندروست، بە هۆی زۆری شەڕ و بوونی گرفتی دارایی، رامیاری، كۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زۆربوونی نەخۆشییەكانی وەك گوشاری خوێن، شەكرە، دڵ، شێرپەنجە، زیادبوونی كێشی لەش، گرنگینەدان بە تەندروستی لەش و پشتگوێخستنی رێنمایی پزیشكی، پیسبوونی ژینگە، كەمی خزمەتگوزاری تەندروستی و پاڵەپەستۆ دەروونییەكان، ئەو هۆكارانەن كە وایانكردووە ساڵ لە دوای ساڵ رێژەی نەخۆشییەكانی دڵ، شەكرە، پاڵەپەستۆی خوێن، شێرپەنجە، جەڵتەی دڵ و مێشك بەرەو هەڵكشان بچن، كە هۆكاری سەرەكی زیادبوونی رێژەی مردنن لە كوردستان. «

كاروان مەجید دزەیی هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرا لە دەروونناسی ئاماژە بەوە دەكات: هۆكارەكانی دابەزینی ئاستی تەمەنی مرۆڤ لە كوردستاندا بریتین لە چەند هۆكارێكی جیاواز، لەوانە پیسبوونی ژینگە، هاوردەكردنی دەرمان و خۆراكی خراپ و ماوە بەسەرچوو، تێكچوونی باری دەروونی خەڵك بە شێوەیەكی گشتی، وێڕای گرنگینەدان بە كوالێتەی هۆكارەكانی ژیان كردن لە سەرووی هەموویانەوە ئۆتۆمبێل، كە پلێتی زۆربەی ئۆتۆمبێلەكان بە دەست دەقۆپێتەوە، لەم نێوەندەشدا هاووڵاتی دەبێتە قوربانی دەستی بازرگانە بێ ویژدانەكان، لە كاتێكدا بازرگانێك نییە لەگەڵ بەرپرسێكی ئەم كوردستانە هاوبەش و شەریك نەبێت».

**پیسبوونی ژینگە و هاوردەكردنی دەرمان و خۆراكی خراپ، تێكچوونی باری دەروونی خەڵك، كەمی جووڵە و زۆرخۆری، بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان نەخۆشی كوشندە لە هەرێمی كوردستان**

**خنكان بە پەت پێكەوە لەكوردستان ١٧٩ حاڵەتی لێ تۆماركراوە، كە ٤٥ حاڵەتی ژن بووە و ١٣٥ حاڵەتی پیاو بووە**

